# پەیامێك لە نوسەران و رۆشنبیران وچالاكوانانی مەدەنی شاری هەولێر

ئێمە وەك كۆمەڵێك لە نوسەر ورۆشنبیر و مامۆستایانی زانكۆ و چالاكوانانی مەدەنی دانیشتوی شاری هەولێر، شاهێدین لەسەر ئەو هەموو گەندەڵی و خراپ ئیدارەكردنی وڵات و نەبوونی عەدالەتی كۆمەڵایەتی كە كوردستانی تەنیوە و هەرسێ سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانیش دانیان پێداناوە. وەكچۆن لە ماوەی رابردووشدا بە شێوازی جۆراوجۆر رەخنەی جدی لەو بارودۆخە گیراوە و پێشنیاری گونجاویش بۆ چارەسەریەكان خراونەتە روو. بەڵام بەداخەوەین كە دەسەڵات گوێی لە كەسمان نەگرتووە و كێشەكانیش بەردەوام بەسەر یەكەوە كەڵەكەیان كردووە. نەك هەر ئەمە بەڵكو لە بری گوێگرتن و چارەسەركردنی كێشەكان، دەستیان كردوە بە هەڵبەستنی تۆمەتی ناڕەوا و ناوناتی هەموو ئەو رەخنەگر و دەنگە دڵسۆز و ناڕازیانە بە گێرەشێوێن و دەستی بێگانە ونامەسئول بەرامبەر بە ئەزموونی هەرێمی كوردستان. لە ئەنجامی ئەم خەمساردی و گوێنەگرتنەی دەسەڵات و ئەو هەموو ناعەدالەتی و گەندەڵیەی كوردستانیش، ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ئێستای هەرێمەكەمان هاتۆتە ئاراوە.

لە پێناو بەرژەوەندیە باڵاكانی خەڵكی كوردستان و ئایندەیەكی باشتر بۆ وڵاتەكەمان ، بە ئەركی دەسەڵات و سەرجەم لایەنە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستانی دەزانین بەرپرسیارانە لەگەڵ رووداوەكان رەفتار بكەن، بڕواشمان وایە كە نابێت دەسەڵاتەكانی هەرێم و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار دەستی بە دەستی بەداخوازیەكانی خەڵكی نارازی كوردستان بكەن، بەڵكو پێویستە بەجدی گوێ لە داواكانیان بگرن و چارەسەری ریشەیی بۆ تەنگەژەكان بكەن.

ئێمە وەك هەڵوێستێكی نارازی بەرامبەر بە بارودۆخی ئێستای هەرێمی كوردستان، ئەم پەیامەمان راگەیاند:

1- داخستنی زانكۆكانی ناو شاری هەولێر لە لایەن رێكخراوی یەكێتی قوتابیانی كوردستان پرۆتستۆ دەكەین و پێویستە ئەم شێوە بڕیارە تەنها لە دەسەڵاتی وەزارەتی خوێندنی باڵا وسەرۆكایەتی حكومەتی هەرێم بێت لە چوارچێوەی یاسادا. نارەزایی خۆشمان لە بەردەوامبوونی ئەم داخستنەی زانكۆكان و نەبوونی هیچ شێوە ئیجرائاتێك لە لایەن حكومەت و پەرلەمان و سەرۆكایەتی هەرێم دەردەبڕین. داواش دەكەین هەرچی زووە وەزیری خوێندنی باڵا و سەرۆك زانكۆكانی هەولێر بانگهێشتی قوتابیان و خوێندكاران بۆ خوێندن بكەنەوە.

2- دەستگیركردنی هاوڵاتیان لەلایەن دەزگا ئەمنیەكانی هەولێر بەبێ بڕیاری دادوەر، كارێكی نایاساییە و ئیدانەی دەكەین.

3- رێگرتن لە هەر شێوە خۆپیشاندانێك پێشێلكاری دەستوری و یاساییە و دژ بە بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی مافەكانی مرۆڤە. بۆیە داوا لە دەسەڵاتی سیاسی و هێزە ئەمنیەكانی هەولێر دەكەین چیتر

مەوداکانی ئازادی رادەربڕین بەرتەسك نەکەنەوە ومافی خۆپیشاندان و را دەربرین لە خەڵکی هەولێر قەدەغە نەکەن.

4- خەمی هەموو شارەکانی کوردستان یەك خەمن، دروستکردنی رق و کینە و دووبەرکی لە نێوان شارەکاندا ئیدانە دەکەین. نارەزاییەکانی خەڵکی کوردستان تایبەت نین بە شارێك یان هەرێمێکی دیاریکراو و ئەو سنوور دروستکردن و جیاکردنەوەیە لە ئەجێندای هەر لایەنێك بێت، لە ژێر هیچ بیانوێك مایەی قبولکردن نیە.

5- داوا لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین هەرچی زووە لە ئاستی بەرپرسیارێتی مێژووییدا بێت بەرامبەر بەو قەیران و بارگرژیانەی هەرێمی کوردستان و بەدەم نارەزایی وداواکانی خەڵکەوە بچێت.

6- لەگەڵ ئەوەی ماف و داخوازی خۆپیشاندەران بە رەوا دەزانین، پێشمانوایە پەنابردنی خۆپیشاندەران بۆ توندوتیژی ئامرازێکی گونجاو نیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان. لە بەرامبەریشدا تەقەکردن و پەرچەکرداری توندوتیژ بەرامبەر خۆپیشاندەران بەهەر پاساوێك بێت کارێکی نامرۆییە وجێی قبولکردن نییە.

7- داوا دەکەین دەزگاکانی راگەیاندن لەتەك پیشاندانی راستیەکان، رووی مەدەنیانەی خۆپیشاندان و نارەزایی دەربرین پیشان بدەن و دوور بن لە هاندانی توندوتیژی و یاریکردن بە سۆز و عاتیفەی جەماوەر.

بەرزو شکۆدار بێت ئیرادەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

سەروەری بۆ ژیریی و بڕیاری ئەقلانیانە

هەولێر

2011-3-3

| ناوەکان | پیشە و پسپۆری |
|---|---|
| 1. د. رەوشت رەشید | پزیشك و مامۆستای زانكۆ |
| 2. سامان هەڵەبجەیی | پزیشك و نووسەر |
| 3. رێبوار سیوەیلی | سەرۆکی بەشی فەلسەفە . کۆلێژی ئەدەبیات . زانکۆی سەلاحەدین |
| 4. رێبین رەسول ئیسماعیل | نوسەر و چالاکوانی مەدەنی |
| 5. ئەڤین ئیبراهیم فەتاح | توێژەری کۆمەڵایەتی و رۆژنامەنوس |
| 6. سمکۆ محەمەد | نوسەر و رۆژنامەنوس |
| 7. نەوزاد جمال | نوسەر و مامۆستای زانکۆ |
| 8. دڵزار حسن | نوسەر و رۆژنامەنوس |
| 9. شوان حەمەدەمین | چالاکوانی ماڤی مرۆڤ و ناتوزدوتیژی |
| 10. د. توانا عەبدولرەحمان | پزیشك و مامۆستای زانكۆ |
| 11. د. شنه خالد | پزیشك |
| 12. د. زمانکۆ خالد | پزیشك |
| 13. هۆگر چەتۆ | چالاکوانی مەدەنی و ماڤی مرۆڤ |
| 14. د. مەحمود قاسم | پزیشك و مامۆستای زانكۆ |
| 15. هێمن سالح | یاساناس |
| 16. د. نەسرەو مستەفا | پزیشك و مامۆستای زانكۆ |
| 17. هیوا باجەلان | ئابووریناس |
| 18. عەبدوڵا خالد | چالاکوانی مەدەنی و ماڤی مرۆڤ |
| 19. د. رێدار محەمەد ئەمین | پزیشك و مامۆستای زانكۆ |
| 20. فەهمی نەبی | رۆژنامەنوس |
| 21. د. ئومێد قادر | پزیشك و مامۆستای زانكۆ |

| | |
|---|---|
| 22. گۆران جەلال | رۆژنامەنوس |
| 23. رابەر فاریق | نووسەر |
| 24. ڕێباز مستەفا | نووسەر و وەرگێڕ |
| 25. جەمال حسێن | رۆژنامەوان |
| 26. سامان شەریف | پزیشك |